**خاوەنی ئیمتیاز**
**ئیسماعیل بەرزنجی**
**سەرنووسەر**
**محەمەد قادر**
sardamm2003@yahoo.com


## خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان یەکتۆز لەولای مەریخەوە ئەم خەبەرە عاجیل و گەردوونییەی بۆ فرێداینە خوارەوە، ئەمەش دەقی خەبەرە عاجیلەکەیە:
ئاگادارییەک بۆ هەموو دانیشتوانی سەرزەوی، بە پێی زانیاری ئەو کەشناسانەی کە هەمیشە لە بۆشاییەکانی ئاسماندا خەریکی پیاسەکردنن، سەلماندویانە گوایە: هەسارەیەکی بێ ڕەقەم بە سورعەتی مۆنیکا جام ڕەشەکانی لەمەڕ خۆمان، بەرەو ڕووی زەوی بەرێوەیەو ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢٦ دەگاتە جێ و کارەساتێکی مێژوییمان بەدیاری بۆدێنێ، وەلەو حاڵی حازر ناشزانم ئەمڕۆ چەنی مانگە؟ بەڵام جارێ بچنە پاشماوەی خەبەر عاجیل و دواتر مشورێکی خۆتان بخۆن.. ل٣٧




www.gep-media.com
E: gepgovar@yahoo.com
Tel: 0750 704 3082
**گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە**
ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١ لە دەستمان دەرچوو
متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٢٠١٠/١/٧ی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێدراوە


کاریکاوێر



ل7

**لێدە قەپات.. تەعینیش ئەبێت؟**



ل20

**ئەم کابرایە ئەو کتێبانە بۆ کوێ ئەبات؟**


128
ساڵی حەوتەم ٢٠١١/٩/٢٨
بەکاتی: فەرتەنەی گرێبەستە نەوتییەکان

**دەستەی نووسەران**
حسن العانی
عەلی مەندەلاوی
سالار حەسەن
ڕێبوار ئدریس
نەجات حەمید

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**
سەردارکێستەیی
serdar_kesteyi@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ**
رزگار فەقێ عەوڵا

**بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی**
چیار ئەحمەدسالار

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست**
خضیرالحمیری
سالم سەلیم
ئیسماعیل خەیات
پەروەر
سەردارکێستەیی
عەلی دەروێش
سۆران کوردپوور
ڕۆستەم زادە (ئامۆ)
زێرەڤان ساڵح
سەرتیپ فەتاح
بابان
ئەحمەد مەندەلاوی
ئاراس باڵەتەیی
فەرەیدون هاوار

**ماێپەر:**
ڕێباز نەجات

**دیزاین**
چیار ئەحمەد
دلاوەر جەمیل

**سەرپەرشتی چاپ:**
هێمن نەجات

**نووسەرانی بەشداربوو**
بەختیار حەسەن
شوان غەمبار
مەنسوور دەروێش زادە
ڕفعەت کەرکووکی
دیار خورشید
کاروان فەتحی

بەرگی یەکەم: سود لە دیزاینی پێشنیازکراوی هونەرمەند (باسم رەسام) وەرگیراوە.

**بۆ بەشداری لە کڕینی گەپ**
**پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەترەوە بکەن**
**٠٦٦٢٥٥٢٢٢٥ ٠٦٦٢٥٥٢٢٢٤**
**٠٦٦٢٥٥٢٢٢٣**

چاپخانەی موکریانی- هەولێر
**ناونیشان:**
**هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران**

نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت
تیراژ: ٤٠٠٠ دانە

# سیاسەت

سەروتار




## بە مەزەندە

## بە مەزەندە



* بەمەزەندەی خەبیرەکانی قەزاو قەدەرو بە بۆچوونی لیخوڕە دەشتە، دوای ئەوەی زۆربەی مردنەکانی رووداوی هاتوچۆ لە جادەی چۆڵ وهۆڵدایە، پێشبینی دەکرێت وەک گێڕی عادی و ئۆتۆماتیکی ئیجازەی جادەچۆڵو سێبەربوو جیا بکرێتەوە ..

* بەمەزەندەی کۆنترۆڵچیەکانی دابەش کردنی کارەبا، پاش ئەوەی لەلایەن تاجرە وەتەنیەکانی هێنانی شتی کارەبایی ئێکسپایەری چینی و کۆریەوە گڵۆپی یەک سەعاتی بازاڕی گەرمە، کار وا بڕوات کارەبای وەتەنی لێی دەڕژێت و ئەگەر چین و کۆریا لێمانی نەکرنەوە دەبێت وەک توور لە عەرزا بیچێنین ..

* بە مەزەندەی ئەجرچیەکانی دراوسێیەتی، دوای ئەوە دراوسێکانمان ئێمەیان کردووە بە گۆڵچی و هەر خەریکی تۆپ هاویشتنن، چاوەڕوان دەکرێت فیفا بڕیاری لادانی تۆڕی گۆڵ دەربکات هەتا دراوسێکانمان تۆزێ شەرم بیانگرێت ..

* بەمەزەندی سەفەروسیاحەکەرەکانی ئەو جنوبەی ئێمەی لێ مەمنووعین، پاش ئەوەی پارک و سەیرانگاکانی کوردستان تەنها ئەهلی عروبەیان پێوەیە، ماوەیەکی تر بە بڕیارێکی فیدراڵی سەیرانگایەکی تایبەتی نەورۆزی بۆ کوردستانیان لە حەویجەو فەلوجەو کەربەلا دەکرێتەوە ...

# سیاسەت



## شاشەی TVیەکان

* لە شاشەی کۆڕەک تیڤیدا لە گۆرانی ئەسوتێم ئەسوتێمی ئەیوب علی دا نوسرابوو: (حەسەن شەریف) بەس نەبوو نەنوسرابوو (ئەیوب شەریف)!

* لەکەناڵی NRTداو لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بۆ بەرنامەیەکی ئەم کەناڵەوە کەسێک بەناوی عەلی پەیوەندی کرد، کەچی لەژێرەوە نوسرابوو دایکی ئارییا.

* کەناڵی پەرلەمانی کوردستان وەک ئەوەی زۆربێ کێشەو مەشاکیل بین، هەموو ڕۆژێک وەک گۆرانی داواکراو کۆبونەوەکانی مانگی ٥ و ٦ لێئەدەنەوە، ئیتر نازانم چ تام و لەزەتێکی تیایە؟

* لە کەناڵی ئاسمانی هەولێردا وتارێکی ئاینی پیشاندا، دوا بەدوای تەواوبونی ئەو ووتارە بۆ یەک چرکە گۆرانیەکی هی پۆپی کرد بە دوایدا، زۆر موعجیب بوم بەو تەنسیقە و بەبەشی کۆنترۆڵ. ئاخر کەناڵی ئاخر زەمانە!!!

* لەشاشەی کەناڵی ئاسمانی سپێدە لای خۆی کەناڵێکی ئیسلامییەو ئەبێ دووربێت لە کۆمەڵێک قسەی بێ سەروبەرە، کەچی ڕیکلامێکی برنجی نەورەس لێئەدات پڕە لە خورافیات و نا شوکری، ئەڵێت: مردو زیندو ئەکاتەوە هەروا بێتەوە بۆنەکەی ئەگاتە کەشکەلانی فەلەک و لەم قسە بێتام و لە برنجەکە بێ لەزەتتر!



نامەیەک/ لە قوتابیان و خوێندکارانەوە
بۆ/ هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا!!






سالار حەسەن

لە یەک ملیۆن و قوسور کەسەوە
بە یەک هاوارو یەک نەفەسەوە
لە قوتابیان و خوێندکارانەوە
لە بنەڕەتی و ئێوارانەوە
نامە دەنێرین نیوەی سکاڵا
بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا
نیوەکەی تری پڕ داخ و دەردە
بۆ وەزارەتی عامی پەروەردە
ئەگەر ئەم نامە گەیشتە لاتان
جوان بیخوێننەوە بۆخاتری خواتان
هەرچەند نامەکەش زیادو بێسودە
هەر سەرئێشەیەو ڕەنجی بێهودە
چونکە لە دەردی ئێمە نازانن
هەر لەسەر ڕیتم و بەزمی خۆتانن
عالەم گەیشتۆتە لوتکەی عیلم و فەن
ئێوەش خوێندنتان لێکردین بە پەن
ئەم هەموو کێشەو گیرو گرفتە
دێتە ڕێگاتان دەیخۆن وەک کفتە
زانکۆو پەیمانگا هەروەک خۆیەتی
ئەمساڵیش خریج باوکەڕۆیەتی
خوێندنی خێراو ناوەندی و کۆلێژ
بەدەست ئێوەوە بون بە مەڕی گێژ
هەمویان بەرزە دەنگی داوایان
تا بنەڕەتی و باخچەی ساوایان
دە ئێوەش تۆزێ ویژدانتان هەبێ
تاکەی خوێندنگا ڕەحلەی تیانەبێ؟
ئاخر ئێوە زۆر هەزەلیی و خۆشن
بۆچی کتێبی تازە دەفرۆشن؟
وەعدی زەبەلاح مەدەن بە خەڵکی
مەنهەجێک وابێ کامەیە کەڵکی؟
باقی وەسەلام پێشنیار دەکەم
خۆتان چاک نەکەن ئینتیحار دەکەم!!

سیاسەت




# عەینەن یەک



## کیسەڵ

١- لە ئاو لە وشکانیدا ئەژی
٢- لە ماراسۆندا یەکەمی عالەمە
٣- بۆنێکی کوشندەی بەلاوەیە
٤- گیاندارێکی بێ زیانە
٥- درۆم نەکردبێ هێلکە ئەکات
٦- لەناو شاردا بونی نیە
٧- هەموو جۆرە خواردنێک ئەخوات و کار دەکات

## هێلی ئەنتەرنێت

١- لەپاڵ بورجەکەدا نەبێ حەپەی نایە.
٢- ١٨٠ ی کیسەڵ معدل ئەڕوات
٣- هیچ بۆنێکی نیە بەس خەفەتی زۆرە
٤-بێگیانێکە زیانی زۆرترە تا سوودی
٥- شەڵا هێلکەی بکردایە، ئەوەشی نیە!
٦- نەبونی باشترە لەبونی.
٧- کارتی ٣٠ و ٦٠ ی ئەخوات و وەک کیسەڵ کار ئەکات!

ژماره 128
28-9-2011






# شعری بەڕەڵا

## بەسەر هاتی ژیانی سەربازیم

ئەلقەی‌سێیەم

دلێر محمود سابیر

خەڵکی سەرەخۆشیم لێ ئەکەن
دوێنێ کەرەکەی تۆپیوە
ئەبێتە مژلگەی جانەوەر
سەردەرئەکەی
ئاڵۆشێکی،،،، مەزهەبیشم دێنێتە دەر
دوای تاشینت
پێم ئەڵێن تازە عاشقە
هەرزەکارە قۆزە بەس دنیای نەدیوە
روومەت ئەبێتە چەوەنەر
دەردی دڵم !!
وا نەزانی لێت خافڵم
قەت ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێ
کە درێژ بووی
دوو جار پژمیم
سەر تا پام سواغ دای بە چڵم
ێێێێ
ئەی ڕیشەکەم!!
چاک لە بیرمە
وا سەردەمی کەف و کوڵی لاوێتیە
گەندە موو بووی!!
گوو گره بووی
ڕێزم گرتی ووتم رەمزی پیاوەتیە
ژێرت پڕ زیبکەو عازەبە
پیس و پۆخڵ ناوی مەبە
خوا رەحمی کرد کە کرمیش نەی دایە جەستە
بەڵام بەوەی رۆحی من و تۆی بە دەستە
گەر ئەمزانی
ئاوا چۆکم پێ دا ئەدەی
بە پرێمز ئەم سووتانی
ێێێێ
ئەی ڕیشەکەم
کە منالّ بووم
لە کۆنەوە بیستوومانە
وا وتراوە
کە گوایە پیاو بە ێیشی پانەوە پیاوە !!
عەفووی فەرموو،، ئەوەی فەرمووی
ئەی خۆ عەبەو کەریم پیاو بوون
کە بارێکی قورس و سەختی ئەو خەڵکەیان
بە بێ گرفت نایە دواوە !!؟؟؟
تا دوا دیشلیان سواوە !!
یییی
ئەی ریشەکەم
دیسان ئەڵێن کە وا نیوەی کۆمەڵ ژنە
راستە بەڵام ئەویش وەک من
گیرۆدەی دەستی بەڵاکەی تۆی گرگنە
بەم رۆژگارە لە کونجێکی ماڵەکەیدا
سەرقاڵی تووک لا بردنە
جا تۆ ناوی ئەنێی ژیان !!
یان مردنە ؟
بۆ نازانی ؟؟
نیوەی سەرمایەی وولاتان بە تڕ ئەڕوا
بۆ تەکنەلۆجیای بەرهەمی ئارایشت و،،
دارووو، شامپۆ،، ماکس فاکتۆر،،مقەست،شانە،موکێش،گوێزان
ووسمە و شیلە،، سپیاو خەنە
بۆ جەستەیەک کە وەک مەزرەعەی هەرزنە
هێند تووکنە؟؟
بۆ نموونەش خوشکی دراوسێکەی منە
لە بەر ئەوەش
بە پێی یاسای نێو دەوڵەتی
مافیان وونە !!
یییی
ئەی ریشەکەم
سوور ئەزانی چارە نووسی دوای تاشینت
دوا مەزارگەت سەرە نوێلک،،
یان چڵکاوە